

# سەراب

نووسەر
سارا سامان

2023

هەموو چیرۆکێک لە سەرتاوە دەست پێدەکات چیرۆکی من لەکۆتایدا دێرەکانی خۆی هەڵدەچرپێنێ باسی ئەو ٤٨ کاتژمێرەی تەمەنم دەکەم کە کۆتا کاتژمێرەکانی بوونمە لەم جیهانەدا سەرفی دەکەم سەیر لەوەدایە ٢٤ کاتژمێری یەکەم ڕۆژبوونمەو دەبم بە ٢٥ ساڵ تەواوی ئەو ٢٤ ساڵەی تەمەنم لە ناو ئازاردا ژیاوم بە هۆی ناتەواوی لە دڵم و لە گورچیلەکانمدا هەمیشە لە ناو ئازاردا ناڵاندومە هەمیشە گلەیم لە ژیان هەبوو شەو هەبوو نەخەتووم جاری واش هەبوو دوو ڕۆژ خەوێندراوم ئێستا کە دەزانم کۆتا چرکەکانی تەمەنم دەژمێرم ژیانم لا ئازیز بووە سەرەڕای ئەو هەموو ئازارەی کە پێدا گوزەرم کردووە ڕاستی بڵێم دەمەوێ بژیم هەتا ئەگەر ئازار دەست لە ڕۆحم بنێ دەمەوێ دایکم ببینم دەمەوێ باران و گۆڕانی وەرزەکان ببینم دەمەوێ لەو بەری شەقام دانیشم و چاوم لە ژیانی کەسانی دەورو بەرم بێ هێشتا نەمردووم بیری ژیان دەکەم ئەو هاوارانەی ئێستا بۆ ژیانی دەکەم پەشیمانی ئەو ڕۆژانەم دەکات کە لە تاو ژیان هاوارم بۆ مردن دەکرد بە هەر حاڵ ئەمڕۆ کە سەردانی حادەتیانەی خۆمم کرد بۆ نەخۆشخانە دکتۆرە پێگەیشتوەکە کە لەوە دەچوو لە ٣٠ یەکانی تەمەنی بێت بە کلێنسی ئارەقی نێو چەوانی سڕیو چاوی بە دەرو بەری مندا دەگێرا دواتر بە دوو دڵیەوە پێی گوتم کە پێویستناکات لەمەو دوا سەردانی نەخۆشخانە بەکەم چونکە هەموو ئەوەی کە ماومە لە ٤٨ کاتژمێر زیاتر نیە پێشووتر بیرم دەکردەوە ئەگەر شتێکی وا ببیستم دڵخۆش دەبووم بە ئارامیەوە چاوەڕێی مەرگ دەکەم چونکە لە ژیان جگە لە ئازار تامی هیچی دیم نەکردوە بەڵام تەواو هەڵەبووم ئێستا جەستەم وە ڕۆحم بۆ ژیان پەرۆشن دووێنێ زۆر گریام هاوارم کردوو گلەیەکانم ئاڕاستەی چارەنووسم و ژیان دەکرد بەڵام ئەمڕۆ هێمنتر دەردەکەوم لانی کەم لەو کەسە ناچم کە دوێنێ پێی گوتراوە تەنها ٢ ڕۆژی لەژیاندا ماوە بەرواری مردنەکەم ٢٧ نۆڤێمبەر دەبێ ئەمڕۆ ٢٦ نۆڤێمبەر کاتیژمێر ٦ سەر لە بەیانیە کە لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە سەیری کۆڵانە چۆل و ئارامەکەمان دەکەم وە دایکم و خوشک و براکانم لە خوارەوە سەرقاڵی

ئامادەکردنی ئاهەنگی ڕۆژی لە دایکبوونمن سەیرە ڕۆژانی دواتر دەبێ خەریکی دانانی پرسەکەم بن بەهەر حاڵ ئاهەنگێکی خێزانی خنجیلە دەبێ نازانم خانەوادەکەم لەم ئاهەنگە پیرۆز بایم لێدەکەن یان خودا حافیزی ناتوانم بڕۆمە خوارەوە بینینی ڕوخساری ئەوان شەیدایم بۆمانەوە زیاتر دەکات بەداخەم کەدەبێ کۆتا ڕۆژی ژیانم لە ژوورەکەمدا بەڕێ بکەم لە درەخت و چۆلەکەو کەوتنی شەونمی سەر گوڵەکانم دەڕوانی تا دواتر چاوم کەوتە سەر ئەو تاکە کچەی کە سەری لە دەرگای ماڵەکەی بەرام بەر دەرهێنا خەریکی ئەنجامدانی پەیوەندی تەلەفۆنی بوو ئەمڕۆ ڕۆژی ئەنجامدای ئاهەنگی هاوسەر گیریەتی زۆر پەرۆش وە دڵخۆش دیارە هەندێک جار ئاواتە خوازی شوێنی ئەوم لەشێکی تەندروست پەیوەندیەکی سەرکەوتوو دەمرم بەبێ ئەوەی بە نیوەی هەستەکانی ژیاندا بڕۆم بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە تا ئەو سەری کۆڵان ڕام نەکردووە لە خوێندن دواکەوتوم هاوڕێیەتم نەکردووە خۆزگە چارەنووسم تۆزێک باشتر دەبوو ئێستا کە لە ئاوێنە گەورەکەی ژورەکەمەوە سەیری خۆم دەکەم شوێنی برینی ئەو دەرزی و کونە گەورانەی کە لە دوای چارەسەر کردن بەلەشەمەوە بەجێماون بە ڕونی دیارن ئێستا دەزانم لە پێناو مانەوە چەندە بە سەختی هەوڵم داوە ئێستا دەمەوێ شەوێکی تری هاوینم ببینم دەمەوێ ئێوارانێکی تری بەهار ببینم شەودرەنگانێکی زستان ئاسان نیە کاتی مردنت بزانی تاکە شتێک کە مردنی ئاسان کردوە ئەویە کە لەناکاوێک دێت بەبەێ ئەوەی بە هەستی ترس و دەستبەردان بووندا بڕۆێت بەڵام من تەنها دوو ڕۆژم ماوە کە تەنها بەشی ئەزموون کردن بەناو هەستە نەرێنیەکان و ویستی سەختم بۆ مانەوە دەکات ئەو کاتەی لە ئاوێنەی ژوورەکەم لە سیمای خۆمم دەڕوانی بیرۆکەیەی شێتانە بە مێشکم دەهات بە بیر کردنەوە لێی خوێن بۆ کوڵمەکانم ورووژم دەبێت و سەرتاپای دەمووچاوم لەشەرما سوور هەڵدەگەرێنێ

## سەر دانی دانیال

نزیکـــی کـــاتژمێر ١٠ ی بەیـــانیە خـــۆم لە بەر دەرگـــای مـــاڵێکی تـــارادەیەک کـــۆن دۆزیەوە نـــازانم چۆنـــاو چـــۆن گەیشـــتم بێـــرە بـــارانێکی بە لێـــزمەیە چەتـــرە شـــینەکەم دڵـــۆپی بـــارانی لـــێ دەتکـــێ و بە ڤژێکـــی بـــژی نـــیمچە شـــێدار کەوام لێـــدەکات وەک و شـــێتێک دەرکەوم دەمەوێـــت دەســـت بە زەنگـــی مـــاڵەکەدا بنـــێم بەڵام بۆســـاتێ کونجـــۆڵی دەمگرێـــت و لە هەر ئـــانو زەمانێـــک دابـــێ پەشـــیمان دەبـــمەوە و ڕێـــی گەڕانەوە دەگـــرم هەرچەنـــدە دەنگـــێ لە لای چەپـــی پشـــتەوەی مێشـــکم هـــاوار دەکـــات و دەڵـــێ تەنهـــا ئەمـــڕۆ دەژیـــت تەنهـــا ئەمـــڕۆ خێـــرا پەنـــجەی دۆشـــاو مـــژەم لە ســـەر زەنگـــی مـــاڵەکە گیرســـاندەوە ســـەرەڕای دەنگـــی بەرزی لێـــزمەی بـــاران بەڵام هێشـــتا دەتـــوامم گـــوێم لە هارمۆنیەکـــانی زەنگـــی دەرگـــاکەبێ کە چەنـــدجارێک بە پـــات دەبێـــتەوە هەناســـەیەکی قـــوڵ هەڵـــدەمژموو هەر بەو دەســـتەی کە کە زەنگـــم لێـــدا برێـــک لە قـــژم ڕێکـــدەخەم تـــا دەرگـــاکە بەرووم دا دەکـــرێتەوە چاوەکـــانم خێـــرا لە ســـەر چاوەکـــانی دەنیشـــنەوە چـــاوە بـــادەمی و ســـەوزەکانی دەتـــوانم ســـوێند بخـــۆم لە مـــاوەی ٢١ ســـاڵی تەمەنـــم لە دانیـــال جـــوانترم نە بینیـــوە چاوەکـــانی فـــراوان بـــوون کە منیـــان بینـــــی ســـــەرەڕای تێکچـــوونی رووم بە هـــۆی نەخۆشـــیەوە بەڵام دڵنیـــام کە منـــــی ناسـیەوە دەربڕینـــی رووخســـاری دڵنیـــایی دەکـــردمەوە لەوە ئەوەنـــدە شـــۆک بـــوو کە زمانی لە گۆ وەستابوو بە هێمنیەوە وتم

- دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم؟

- بێ گومان فەرموو

- نا دەمەوێ بەتەنها لە دەرەوە بۆ .....

قسەکانم تەواو نەکرد خێرا گووتی باشە تەنها چەند دەقیقەیەک مۆڵەتم بدە

دەرگاکەی داخست لەوو دیوی دەرگاکەوە گوێم لە دەنگی هەنگاوەکانی بوو
چەند خولەکێکە بەیەکەوە دانیشتووین نە ئەو لێم دەپرسێ چ کارت پێمە نە من شتێکم گوتوە وشەکان لە ناو مێشکم هەرایانە و زمانیشم توانای گوتنی نیە .......

دوای ئەوەی قومێکم لە چایە گەرم و تاڵەکەم دا   زمانم ڕستەکانی دۆزیەوە

- دانیال ببورە کە لە ناکاوێک دوای ٤ ساڵ لە بەردەمتدا دەر کەوتمەوە  تەنها کاتێکی وام لە بەر دەست دا نیە تا بە بیر کردنەوە لەوە سەرفی بکەم کە کارەکەم شەرمە یان هەڵە   ........لە ناکاوێک لەرز دەمگرێ و دەمەو دەست پڕ بە دڵ دەڵێم بیرم کردووی  بیرکردنەوە لەوەی کە چەندە  پێویستم پێتە شێتم دەکات دەزانم هەمیشە  زەحمەتیت کێشاوەە بە شکاندنی ئەو سنوورانەی کە کێشاومە چەندە وێران بووی بەو هەنگاوانەی کە پڕ بە دڵ بۆ نزیک بوونەوەت لە من ناوتە  وە منیش بە رەقیەوە لێت هەڵاتووم  لە هەموو نیگا بە هەستەکانت و هەموو ئەو نیشانانەی کە پڕ لە خۆشەویستی بوون بۆمن نیشانت داون گەیشتووم بەڵام خۆم لە ئاستیان نەزان دەرخست  وام نیشاندە کە تێناگەم کە سەرە ڕۆم ببوورە تەنها نەموویست ئازارت بدەم چونکە کچێکی وەک من نە خۆش بۆ کەسێکی وەک تۆ کە فێربوو بوو لە ناو زەریای سۆز و هەوەسدا مەلەبکات هیچی پێ نەدەکرا بوونت لەگەڵ من پەلکێشی ناو دوونیای بێ ئومێدی و  ترس لە ڕۆشتن و  وێران بوونی کۆشی خەیاڵت لە هەر ساتێکدا دەکات   رەنگە ئێستا هیچ ڕەگێکی خۆشەویستی من  لە دڵدا نەمابێت رەنگە تەنها هەستێکی کاتی هەرزەکارانە بوو بێت بۆ تۆ گلەی ناکەم ئەگەر وابێت خۆشم هەر ئەوەم دەخواست هەرچەندە بە تەواوی بونمەوە ڕقم لێیەتی  سوپاس کە منت خۆش ویست سوپاس کە وات دەکرد دڵم خورپە بکە کوڵمەکانم سوربن سوپاس کە وات کرد لە ناو هەستێکی ئاوادە نغرۆ بم دەمویست بخنکێم لە خۆشەویستیتدا بەڵام تەمەنم بواری  خنکانیش نادات

خێـــرا ســـەیری چاوەكـــانیم كـــرد كە فرمێســـكی لـــێ قەتـــس بـــوو بـــوو بە هەمـــوو ئەو هێـزەی كە لە گیـانە لاوازەكەم دابـوو گـوتم خۆشـم دەوێ هەمـان خۆشەویستێ ٢١ ساڵیم

دا نیـــال كە لە لا چەپـــەوە دانیشـــتبوو لە ڕوخســـارمی دەڕوانـــی دەســـت بەجـــێ بـاڵی ڕاسـتی خسـتە سـەر شـانەكانم و منـی بـۆ باوەشـی خـۆی ڕا كێشـا ئەو دەمەی سـەرم لە سـەر سـنگی گیرسـایەوە دەسـت بەجـێ لە لێـدانە تونـد و خێراكـانی دڵـی تێگەشـتم كە هێشـتا ژوورۆ چكەیەكـی چكـۆلەم لە دڵیـدا مـاوە زۆری نەبـرد سـەرم هەڵبڕیـوو ئەو چـاوانەی جـۆگەلەی فرمێسـك لێیـوە سـەرچاوەی گرتبـوو چاوانیـان قفڵكـردم لە چـاوە بـادەمی و سـەوزەكانیم دەڕوانـی بـۆ چەنـد چـركەیەك دەم ویسـت قسـە بكـات بە دروسـتی نـازانم دەم ویسـت گـوێم لە چـی بـێ دەمزانـی دانیـــال پیـــاوێكە نـــاهێڵێ دەووروو بەری گوێیـــان لە دەنـــگە لەرزیـــو تـــۆنە گریاناویەكانی بێ بۆیە دەست بە جێ هەڵسامەو دەستم كرد بە ڕۆیشتن
دوو هەنگـــاو زیـــاتر نـــا خێـــرا رووم وەرگێـــرا و گـــوتم ٢٧ نـــۆڤێمبەر تكـــایە بەشداری پرسەی بە خاك سپاردنم بكە خوداحافیز
دانیـال خێـرا هەسـتاوە سـەر قاچەكـانی و گـوتی دەمەوێ لەگەڵتـدا بمـرم دەمزانـی ئیـدی منـیش دەبـێ دەسـت بەكەم بە گریـان بەڵام نـا دەبـێ بـڕۆم تـا ئێـرە بیـرم كردبـۆ وە كە قســـە بـــكەم تەواو نـــامەوێ ببیـــنم كە چـــی ڕوودەدا دەســـتم كـــرد بە ڕا كردن .....
تـا ئەو جێـیەی چیـدی نەمتـوانی لە سـەرما قاچەكـانم هەڵێـنم ڕامكـرد سـەر تاپـای گیـانم ئـاوی لێـدەچۆڕا چەتـرەكەم بـۆ دانیـال بەجێبهێشـت ئـاخر لەشـم كـاتی ئەوەی نـیە كە نیشـانەكانی سـەرما بـوونی لەســەر بەدەر كەوێ ئیـدی چەتـرم هەبـێ یـان نە شـتێ لەمەسەلەكە نا گۆڕێ

دەمویســـت بگـــریم زۆر لە ژیـــان تـــوڕە بـــووم هەرگیـــز دەرفەتـــی نەدام وەك هەر مرۆڤێكـی ئاسـای ژیـان بەكەم بـۆ هەر كوێـك ئەم زەویە چوبـام دەبـا گیرفـانێ لە دەرمـان و گیرفـانێ پـڕ لە تـرس تـرس لە ئـازار لە نەخۆشـی لەگەڵ خۆمـدا ببەم خێـرا هـاوارم كـرد بەو پەڕی هێـزمەوە گـوتم دەمەوێ بـژیم تكـایە دەمەوێ بـزانم ژیـان لەگەڵ دانیـال چـۆنە دەمەوێ بـژیم هەتـا ئەگەر ئـازار نەشـهێڵێ بـخەوم یـان نـا بخـۆم یـان لە سـەر قاچەكـانم بووەسـتم تەنهـا بـا بـژیم زۆر گریـام بەڵام ژیـان دەمـێكە تێنووسـی چیرۆكـی منی داخستوە ................

ئەو دەمەی خۆم گەیاندە ماڵەوە هەموو هەوڵێکم دا کە هیچ کام لە خانەوادەکەم بەم حاڵەوە نەم بینن وە نەیان بینم تا چومە ژوورەکەم دوای خۆ گۆڕینم هەوڵمدا بخەوم بەڵام دانیال لە هەر گۆشەیەکە کە چاوەکانم بیبینێ دەستم کرد بە نوسینی نامەیەکی چکۆلە بۆ خانەوادەکەم

## نامەکە

دەزانم ئەو دەمەی ئەو نامەیە دەخوێنەوە من چیدی لە ناو ئێوە نیم دەمەوێ داوای لێبووردن بکەم دەزانم چەندە بە هۆی نە خۆشیەکەمەوە بەر بەست بووم بۆ ژیانتان ئادەم برای ئازیزم هەرگیز هاوینی تەمەنی ١٧ساڵیم لە یاد ناکەم کە ئەو کاتە تەمەنت ١٥ ساڵان بوو زۆر پەرۆش بووی بۆ ئەوەی دایکو باوکم لەکۆتا یاری پەڵەوانێتی خولی باسکێتی لاوان ئامادەبن بەڵام من بە هۆی تێکچوونی باروو دۆخمەوە ئەوانم ڕاپێچی نەخۆشخانە کرد ببورە بۆ ئەو جارەو هەموو جارانیدی کە ڕێگر بووم لە خۆش گوزەرانیت ئالیا سوپاس کە هەموو جار لە کاتی گەڕانەوت لە گەشتی قوتابخانە سەرەڕای ماندوێتیت هێشتا هەموو ڕووداوەکانت بۆ باس دەکردم سوپاس بۆ ئەوەی کە چەندین شەو لە جێی ئەوەی لە کۆتای هەفتەدا لەماڵەوەبی و پشووبدەی بەڵام لەگەڵ من لە نەخۆشانە ڕۆژت کردۆتەوە

دایە بابە سوپاس سەرەڕای ئەو بارە گرانەی لە سەر شانتان بوون هێشتا بە خۆشەویستیەوە بەبێ ئەوەی گلەی بکەن لە لام مانەوە دایە دوێنێ شەو لە مەتبەخەکە گوێم لە دەنگی گریانت بوو سەرەڕای ئەوەی بە لوعەی ئاوەکەت بە کراوەی کردبۆوە تا گوێ بیستت نەبم بەڕاستی لە قوڵای دڵمەوە داوای لێبووردن دەکەم زۆر قورسە سەرەڕای ئەوە کە نامەوێ بڵێم خودا حافیز بەڵام ناچار بەوەم خۆشم دەوێن لەقوڵای دڵە نەخۆشەکەمەوە .........

**( لە ژیانە زەلکەوەکەمدا بەڕاستی ئێوە نیلۆفەر بوون )**

کاتژمێر ٢ ی پاش نیوەڕۆبوو ئەو کاتەی ئازارێکی توند دڵی گوشیم هەناسەدانی قورس کردم جەستەم ڕەق بوبو نەم دەتوانی لە شوێن خۆ ببزوم خێرا مستە کۆڵەی دەستی چەپم توندکرد و چەند جارێک بە پشتەوەی شوێن خەوەکەمدا کێشا هیوام دەخواست کەسێک گوێی لێبێت و خێرا دەرمانەکانم پێبدە دوای چەند جارێک لە پیا کێشان دایک م و خوشکم بە هەناسە برکێوە هاتنە ژوورەوە بەو پێیەی یەکەمین جار نیە ئەم ڕوودەوە ڕوودەدات دایکم خێرا تاکەکەی ژورەکەمی کردەوەو ئازار شکێنەکانی دەر هێنا خوشکەکەم توند منی لە باوەش کرد تا دایکم دەرزی ئازار شکێنەکەی رەوانی ناو موولولە خوێنە لاوازەکانم کرد دوای چەند خولەکێک دەمارەکانی جەستەم خاو بوونەوە دواتر هەستم بە دەوورو بەرم کرد زانیم لە باوەشی دایکم دام دوای گەرانەوەی هەستی بیستن بۆ گوێیەکانم گوێم لە هەنسکی دایکم و ئالیا بوو ئازارەکە هێندە هیلاکی کردم هیچ توانەی ئەوەم نەبوو سەر هەڵبڕم سەرم زیاتر لە باوەشی دایکم نقوم کرد هێندەی نەبرد خەوتم ......

ئەو کاتەی خەو چاوانی بەردام کاتژمێر ٦و ٣٠ خولەکی ئێوارە بوو ئای کاتژمێر چەندە زوو دەروات ئەمرۆ ٢٤ کاتژمێر نا ٢٤ خولەک بوو هەڵسام و چوومە بەردەم ئاوێنەی ژوورەکەم و سەیرێکی خۆمم کرد و پێکەنیم ..........پێکەنیم و پێکەنیم

تا دواتر گریام دەترسم وا هەست بکەن کە زیادەڕۆی دەکەم لە خەم خواردن بۆ مردنم بەڵام ژیانێک نەژیام تا بمرم باوەڕ بکە زانینی ئەوەی کە دەمرم لە خودی مردن زیاتردەمترسێنێ وە بیر لەوە دەکەمەوە ئەگەر بەیانیش نەبێ بە ئەگەری زۆرەوە دوو بەیانی لێرە لەژوورەکەم نیم لە ژێر مەتریێ خاکم ئەو کاتەی بەو شێوەیە وێنای خۆم دەکەم شێت دەبم ، گوێم لە دەنگی دایکم بوو کە بۆ نانی ئێوارە بانگی دەکردم خێرا فرمێسکەکانم سڕیوو چەند خولەکێ لە ژورەکەم مامەوە بۆ وەی هێمن ببمەوە تا کە چومە خوارە لانیکەم ئاسەواری گریان بە ڕووخسارمەوە دیار نەبێ

دوای ئەوەی خۆم بەباشی ئامادە کرد کاتژمێر ٧و ٢٥ خولەکی ئێوارە بوو کە چوومە خوارەوە وە دەست بەجێ شۆک بووم کە چومە چێشت خانەکە و دانیالم بینی کەلەوە دەچوو تازە گەیشتبێ زانیم هۆکاری بوونی دانیال ئەوەیە کوڕی دراوسێ کۆنەکەمانە و وە تاکە کەسە کە خانەوادەکەم وەک و هاوڕێیەکی من ناسیبێتیان هەمووان بە بینینم دڵخۆش بوون خوانێکی سادە و ئاهەنگێکی چکۆلەیان ئامادە کردبوو لە جیاتی پێکەنین و گاڵتەو گەپ هەموو پێکی گریان لە گەرویاندا گیر بووبوو چاوانیان تاو نا تاوە فرمێسکی تێدەوەستا ئەوسا بە بینینی ئەو دیمەنە دڵنیا بووم کە ماتەمی خودا حافیزیە نەک ئاهەنگی ڕۆژی بوون

دایکم یەکەم کەس بوو هەر دوای ئەوەی مۆمی ٢٥ساڵەی تەمنم گوژاندەوە گوتی سەراب ئازیزی دایە تەمەنی ٢٥ ساڵەت پیرۆز بێ لە شوێن خۆی هەڵستاوەو باوەشێکی توندی لێدام و بە گوێمدا چرپاندی و وتی خۆشم دەوێت ئازیزەکەی دایە خۆشحاڵم خودا ٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا تۆی بە دیاری پێ بەخشیم وە دواتر بە شوێن ئەودا ئادەم و ئالیا وە کۆتا جار باوکم هات باوەشی لێم دا باوکم تاکە کەس بوو کە ئەو شەوە لەبەردەممدا گریا ؛

دواتر دانیال هاتوو گوتی ڕۆژی بوونت پیرۆز بێت سەراب زەرفێکی چکۆلەی لە بەردەمم دانا و چاوەکانی وەک بەرمۆدە چاوانی منیان نوقم کرد نازانم چەند دەبوو لە چاوانیم دەروانی تا دەنگی ئادەم هێنامیەوە هۆش خۆم لە ژووری میوانیەوە هاواری لێ هەڵدەستا و دەیگوت خێرا وەرن با وێنەیەکی خێزانی بگرین کامێرەکەم داناوەتەوە

کاتژمێر ١١و ٤٧ خولەکی شەو بوو ئەو کاتەی چومە ژوورەکەم و دەست بەجێ دیاریەکەی دانیالم کردەوە و قوتێکی کلاسیکی موزیکم بینی ئەو دەمەی سەرەکەیت هەڵدەداوە موزیکێکی ئارام بۆشای دەوروو بەرتی پڕ دەکرد دواتر نامەیەکی چکۆلەم لە ناو زەرفەکەدا تێبینی کرد خێرا هەڵم پچڕیوو دەستم بە خوێندنەوەی کرد

- سەراب ووجودی تۆ لە ژیانم سەراب ئاسا بوو خەونێکی کورتی شیرن بووی کە ئەو بەیانیەی لێی بە ئاگاهاتم نزای خەوی هەمیشەیم لە خودا دەکرد رەنگە خۆپەرست و غرور پەرست بوبم کە هیچ کاتێ بە راستی دانم بە هەستەکانم دا نەنا ئەمرۆ دەرکەوتنت لەبەردەمم و درکاندنی راستی هەستەکانت پەشیمان ئەو ڕۆژانەی کردم کە زووبانم درۆی لەگەڵ دڵم کردوو هیچ کات ڕاستیەکانی نەگوت ئەمرۆ پەردەت لەسەر ئەو برینە لەدا کە چوار ساڵە بەبێ ئاگای خوێنی لێ دەچۆری سوپاس بۆ بوونت لە ژیانم هەرچەندە ئەگەر کورتیش بوبێ سوپاس بۆ پێدانی خۆشترین رۆژەکانی ژیانم .......

ئەو دەمەی کۆتا دێری نامەکەی دانیالم خوێندەوە بە بێ هیوایەوە لە پەنجەرەی ژورەکەمم روانی گوێم زیاتر بۆ میوزیکەکە شلکرد و لەبەر خۆمەوە گوتم دانیال وا دەمرم و تۆش تەنانەت لە نامەکەشتدا بە راستەوخۆ نەتوت خۆشم دەوێی ئەو غرورە پیاوانەیەت تاکە شتە جوانیت دەشێوێنێ

کاتژمێر ٦ بەرە بەیانە هێشتا خور دەر نەکەوتوەو خەویش نەچۆتە چاوانم لە سەر جێگاکەم لە سەقفە سپیەکەی ژوورەکەم دەروانم دەترسم چونکە چەند کاتژمێرێک پێش ئێستا لە بەرواری بوونم بووم ئێستا لە بەرواری مردنمم

ئەو دەمەی خەیاڵم بۆ هەزار شوێن بڵاوەی کردبوو ئازارێکی توند کۆیکردەوە ئازارێک کە لە دڵمەوە ڕیشەی کردوو بە هەموو بەشەکانی جەستەم بڵاو بوویەوە بەزۆر لە جێگاکەم هەڵسام و چووم لە سەر کورسی بەردەم پەنجەرەکەم دانیشتم و مشتەکۆڵەی دەستی راستم لە سەر سنگم توند کرد و چاوەکانم گرژ کرد تکایە لەبەر خۆمەوە گوتم تکایە با بەبێ ئازار بمرم تکایە تا سێ دەژمێرم و با ئازارەکەم ون بوبێ بە

هەناسـەبركێـوەوتـم یەک دوو ..,سـێ بـۆ هەمیشـە هەمـوو
هەستەوەرەكانم لەكار كەوتن .....